# سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان

سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان بەپێ ی یاسای ژمارە ١٥ی ساڵی ١٩٩٩ لە کۆنگرەی یەکەمی کە لە ڕێکەوتی ٢٠٠٠/٤/٢٧ لەشاری هەولێر بەسترا دامەزراوە ، سەندیکایەکی پیشەیی تایبەت بە ئەندازیارانەو کەسایەتی مەعنەوی خۆی هەیەو سەربەخۆیە لە رووی کارگێری و داراییەوە و بارەگای سەرەکی لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستانە.

ئیش و کارەکانی سەندیکا لە لایەن ئەنجومەنێکەوە بەرێوەدەبرێت بەناوی (ئەنجومەنی سەندیکا) کە بریتیی یە لە نەقیبی سەندیکاو  هەشت ئەندامی ئەنجومەن. وە لە ناوەندی پارێزگاکانی هەرێم بە شاری کەرکوکیشەوە لقی هەیەو دەستەی بەرێوەبردنی لقەکان پێك هاتووە لە سەرۆکی لق و ئەندامانی لێژنەی لق، ئەنجومەنێکی راوێژکاری هەیە کە پێك هاتووە لە نەقیب و ئەندامانی ئەنجومەن و سەرۆکی لقەکان ، ئەندامانی سەندیکا(ئەندازیاران) بریتی یە لە هەڵگرانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە دەرچوانی کۆلێژە ئەندازیاریەکانی زانکۆ حکومی و ئەهلیەکانی کوردستان و عێراق  بە هەموو بەش و پسپۆریەکانەوە و هەروەها ئەو زانکۆو کۆلێژە ئەندازیاریانەی وڵاتانی دەرەوە کە باوەرپێکراون لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاوە و دانیشتوی هەرێمی کوردستانن و وە هەڵگری ناسنامەی عێراقین.

کاروباری رۆژانەی سەندیکا بەپێ ی ئەو دەسەڵاتانەی هاتووە لە یاسای سەرەوەو پەیرەوی ناخۆو پەیرەوی نووسینگە ئەندازەییەکانی هەرێمی کوردستان بە ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠١١ ئەنجام دەدرێت.